# بونیاتی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

**ID No. 355**

(PP 154 - 164)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.10

**ڕێزان صالح مەولود**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

Rezan.saleh@koyauniversity.org

**وەگــــــرتن : 2022/06/12**

**پەسندکردن : 2022/08/31**

**بڵاوکردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(بونیاتی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا)یە، کە پێکهاتووە لە تەوەرەیەك و چەند باسێك ، سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری باس لە ناونیشان و گرنگی و ئەرکی ناونیشان کراوە، ئینجا بەشێوەیەکی پراکتیکی جۆرەکانی ناونیشان و پێکهاتەی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی کرمانجی ناوەڕاست شیکار کراون و لەمەشدا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستراوە ، گرنگی باسێکی لەم چەشنە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بە شێوەیەکی پراکتیکییانە هەوڵدەدات جۆر و پێکهاتەی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی دەستنیشان بکات و نموونەی بۆ بهێنێتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** ناونیشان، ئەدەبی کوردی، کورتیلەچیرۆك.

## 1. پێشەکی:

ناونیشان وەکو بەشێك لە دەقی ئەدەبی گرنگییەکی زۆری لەلایەن میتۆدە نوێکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە پێدراوە و وەکو کلیل و دەروازەیەکی دەق سەیریکراوە و لەم دواییانەشدا لەناو ڕەخنەی کوردیدا شوێنی بۆ کراوەتەوە و کۆمەڵێك وتار و باسی ئەکادیمی باشی لەبارەوە نووسراوە.

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(بونیاتی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا)یە.

**گرنگی توێژینەوەکە**: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەوڵدەدات ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی شیبکاتەوە، هەروەها بە شێوازێکی پراکتیکیانە نموونە بۆ پێکهاتە و جۆرەکانی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی دەهێنێتەوە.

سنوری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست دایە و ورردیش سوود لە ئەزموونی کورتیلەچیرۆکنووسانی دوای ڕوخانی ڕژێم وەرگیراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پەنا بۆ میتۆدی وەسفی-شیکاری براوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە پێشووتر کەمتر کار لە بواری کورتیلەچیرۆکی کوردی کراوە لەبەر ئەمە دانان و یەکلاییکردنەوەی زاراوە بنەڕەتییەکان زیاتر پشتمان بە هەوڵی تاکەکەسی خۆمان بەستووە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و تەوەرەیەك و چەند باسێك. لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە گرنی و ئەرك و جۆرەکانی ناونیشان کراوە و دواتریش لە لایەنی پراکتیکیدا کار لەسەر پێمهاتە و جۆرەکانی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی کراوە و هەوڵدراوە بۆ هەر یەکێکیان نموونەی شیاو و لەبار بهێنرێتەوە. لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامە خراوەتەڕوو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا بەدەستمان هێناوە.

پێداچوونەوە بە کارە زانستییەکانی پێشوو: هێندەی ئێمە ئاگادار بین تاوەکو ئێستا ئەم توێژینەوە و نامە ئەکادیمییانەی خوارەوە لەبارەی ناونیشان نووسراون:

1. کارنامەی ناونیشان لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، لوقمان ڕەئووف و سامان موحەممەد عەلی، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك، بەرگی دە، ژمارە سێ. 2015

2. سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی گۆراندا، لوقمان ڕەئووف، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، ژمارە 2. 2015

3. سیمۆلۆژیی ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا، سۆران مەجید خۆشناو، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆان، 2016.

4. ناونیشان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، لوقمان ڕەئووف،یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمانی وەک ڕایەڵەی زمانی کوردی و عەرەبی، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی بەغدا،2018.

5. ستراتیژیەتی ناونیشان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، عەبدوڵڵا موحەممەد خالید،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2021.

## 2.چەمك & پێناسە & ئەرك & جۆرەکانی ناونیشان

### 2.1: ناونیشان، ناساندنێکی گشتی

دەقی ئەدەبی وەکو چنراوێك لە چەند کەرەسەیەك پێکدێت، کە ناونیشان یەکێکیانە و دەتوانیت بە سادەترین دەربڕین بڵێین:، ناونیشان پاژێکی زمانەوانییە، کە لە ڕستە بچووکترە و دەقێك، یا بەرهەمێکی هونەری دەنوێنێت و نیشان دەدات."(علوش،1985،ص 155). ئەگەر دەق بە مرۆڤ بچوێنین، ئەوا ناونیشان وەکو سەرێك وایە بۆ جەستەی دەقی ئەدەبی و بەبێ بوونی ناونیشان دەق بەشێك لە جەستەکەی لەدەست دەدات، هەر لەبەر ئەمەیە هیچ دەقێك نییە ناونیشانێکی نەبێت، تەنانەت ئەگەر بە ئاماژەیەکی ڕەنووسیانە، یا نیشانەیەکی خاڵبەندیش بێت دەبێت دەق ناونیشانێکی هەبێت.

(لیۆهۆكLeohoelk) دەڵێت: "ناونیشان کۆمەڵێك ئاماژەی زمانیی وشەیی و ڕستەیی و تەنانەت دەقیشن، کە لە سەرەوەی دەق دەردەکەوێت بۆ دەلالەتکردن لێی و ئاماژە بە ناوەرۆکە گشتییەکەی دەکات بۆ ئەوەی جەماوەر لەبەرچاوگیراوەکەی ڕاکێشێت."(جبارە،2013،ص 513).ناونیشان دەروازەی دەقی ئەدەبییە و خوێنەر لەڕێگەی ئەو دەروازەیەوە دەچێتە ناو دەقەکە و پێداویستییەکی دانەبڕاوە لە دەقە ئەدەبییەکە، چونکە خوێنەر حیسابێکی تایبەتی بۆ ناونیشان دەکات، بۆیە نووسەریش گرنگی تایبەتی پێدەدات و هەوڵدەت لە ڕێگەی ناونیشانەوە سەرنجی خوێنەر بۆ لای دەقەکەی کێش بکات.

"ناونیشان دەقێکی بچکۆڵەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحایە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی خوێندنەوەکەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی ئێمەدا هەیە، هەوڵ دەدا کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و (بینین)ی نووسەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆش بکاتەوە."(ئەسوەد،2006،ل 74).

گرنگی ناونیشان لەوەدا دەردەکەوێت، کە وەکو سەری دەفرێك وایە بۆ دەق، بەو واتایەی، ئەگەر دەق دەفرێك بێت و نووسەر کۆمەڵێك پێکهاتە و ڕەگەزی ئاخنیبێتەناوییەوە ئەوا لە ڕێگەی ناونیشانەوە سەری ئەو دەفرەی گرتووە و هەڵگرتنی ئەو سەرە دەفرەش یەکەمین هەنگاوی خوێنەرە بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانەی، کە لەناو دەقەکە هەن و لە زۆرینەی بارەکاندا ناونیشان لەگەڵ دەقدا تەواو شەتەکدراون و پەیوەست بەیەکەوە، واتە" ناونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو، یا ئاماژەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو هەمیشە کلیلێکی ڕاڤەیی سەرەکییە بۆ کردنەوەی شتە کلیلدراوەکانی دەق."(الجزار،1998،ص 23). بەم شێوەیەش، ئەگەر دەق چوار دیواری خانوێك، یا ژوورێك بێت، ئەوا بێ هیچ گومانێك ناونیشان بنمیچی ئەو ژوورەیە.

"ناونیشان ئەڵقەیەکی گەیاندنە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی نێو دەقەکە بە خێرایی بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، بەمەش بەهای ئەدەبیی دەقەکە بەنرختر دەکات، لەبەرئەوەی ناسنامەیەکە هەڵگری کۆمەڵە زانیارییەکی وردە سەبارەت بە دەقەکە، کە ئاماژە و وێنە چڕکراوە بچووکەکانی دەقەکە لەخۆدەگرێت."(محمد،2014،ل 32). خوێنەر کاتێك دەچێتە ناو پرۆسەی شیکردنەوە و بەرهەمهێنانی مانا بەر لە هەر شتێك پرسیار لە ناونیشان دەکات و لە ڕێگەی ناونیشانەوە زانیاری سەبارەت بە کۆی دەقەکە دەستدەکەوێت، چونکە ناونیشان وەکو پاسەوانێك لەبەردەم دەرگای دەقدا وەستاوە و ئاگای لە تەواوی ئەو شتانە هەیە، کە لە ژوورەوە ڕوودەدەن و وەکو نوێنەری پێکهاتەکانی دیکەی ناوەوەی دەقەکە دەردەکەوێت.

**2.2: ئەرکەکانی ناونیشان**

بە شێوەیەکی گشتی"ناوونیشان هێمایەکی زمانەوانییە، دەکەوێتە ڕووکاری دەرەوەی دەق، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەرکێك ئەنجام بدات، کە تایبەتن بە ئەنتۆلۆژیا و پێکهاتەی دەق و ناوبڕێکی نێوان دەق و جیهانە، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵێکی ستراتیژی، کە دەق بۆ جیهان و جیهانیش بۆ دەق دەبرێ."(خۆشناو،2010،ل 189). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر دەق بە شاخێکی سەهۆڵینی ژێرئاو بچوێنین، ئەوا ناونیشان دەبێتە لوتکەی شاخەکە و ئەو بەشەیە، کە بەدەرەوەیە و لە دوورەوە هانی خوێنەر دەدات تا بێت دەقەکە ببینێت و بچێتە بنج و بناوانی بەشە نقوومبووەکانی دیکە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر خوێنەر ناونیشان نەبینێت، کە لوتکەی شاخەکەیە ناتوانێت لە دەق تێبگات، چونکە بە نەبوونی ناونیشان دەقەکە ئەو تایبەتمەندییە لەدەست دەدات، کە بانگی خوێنەر بکات و خۆی پێ نیشان بدات هە لەبەر ئەمەشە زۆر جار دەگوترێت" ناونیشان کلیلی زێڕینە بۆ چوونە ناو جیهانی دەق."(العمرو،2020،ص 4162).

ناونیشان لە هەناوی دەقدا لەدایك دەبێت و دەتوانین وەکو دەقێکی بچووککراوە لەناو دەقەکەدا لێی بڕوانین، چونکە وەکو بەشێك لە دەق کۆمەڵێك ئەرك لەخۆی دەگرێت و گرینگترینیان بریتین لە:

1. ئەرکی دیاریکردن(التعينية).
2. ئەرکی وەسفی.
3. ئەرکی دەلالی.
4. ئەرکی لەخشتەبردن(الاغرائية).
5. ئەرکی شیعرییەت. (جبارە،2013،ص 513-514).

**2.3: ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکدا**

کاتێك دێینە سەر ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکدا پێویستە بەر لە هەر شتێك ئەوە بزانین، کە ئەگەر لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا ناونیشان گرنگی زۆری هەبێت، ئەوا لە کورتیلەچیرۆکدا ئەم گرنگییە دەگاتە ئەوپەڕی، چونکە کورتیلەچیرۆکنووس بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ ناونیشان دەکات و بەشێوەیەك دەستەمۆی دەکات، کە هەڵگری کۆمەڵێك ئەرك و دەلالەت بێت، چونکە لە چیرۆکدا ناونیشان هاوشێوەی دەق کۆمەڵێك ئەرك لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە" ئەرکی سایکۆلۆجی هەیە، ئەویش کاریگەری دروستکردنە لەسەر دەروونی خوێنەر، بۆ ئەوەی بیباتە ناو فەزاری چیرۆکەوە. ئەرکی سۆسیۆلۆجی هەیە، ئەویش بە قەناعەتپێکردنی خوێنەر، کە ئەو چیرۆکە لەگەڵ واقیع و باری کۆمەڵایەتیدا یەکدێتەوە."(مەنتك،2018،ل 8).

لە کورتیلەچیرۆکدا ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکان و بە پلە یەك پەیوەست دەبێت بە بنەما سەرەکییەکانی وەك چڕکردنەوە و دەقئاوێزان و لادان و یارمەتیدەرێکی باشی خوێنەرە لە کردنەوەی کۆد و دەلالەتە شاراوەکان و زێدەکردنی واتا، لەبەرئەوەی" کورتیلەچیرۆك بە پلەیەکی جەوهەری پشت بە ناونیشان دەبەستێت و وەکو ئێرەرێکی زمانی لە چرکەساتی هاتنەکایەوەیدا بە پەتێکی نهێنی پێوەست دەبێ، کە دەیبەستێتەوە بە دەقەکە لە چرکەساتی نووسین و خوێندنەوەیدا"(سعیدانی،2015،ص 141).

لە ڕێگەی ناونیشانەوە کورتیلەچیرۆکنووس لەتوانایدایە بەرزترین ڕێژەی ئابوریکردن و چڕکردنەوەی دەلالی لە کورتیلەچیرۆکدا دەستەبەر بکات و کۆی کورتیلەچیرۆکەکە لە ناونیشاندا جێبکاتەوە.

ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکدا هەر گوزارەیەکی ڕێزمانی ڕووت نییە خرابێتە سەر دەقەکە و بوون و نەبوونی وەکو یەك بێت، بەپێچەوانەوە گەلێکجار ناونیشان هەموو ئەو واتایە تەواو دەکات، کە خوێنەر چاوەڕێیە لە دەقەکەدا وەریبگرێت، بە واتایەکی دیکە ناونیشان دەبێتە دوا خشتی تەلاری کورتیلەچیرۆکەکە، جگە لەمەش ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکدا ڕۆڵێکی ئیستاتیکی دەگێڕێت لە پرۆسەی خوێندنەوەی چیرۆکەکە، بەو واتایەی، ئەگەر ناونیشان لەبار و گونجاو نەبێت، ئەوا دەشێت نووسەر لە یەکەمین هەنگاویدا تووشی شکستێکی گەورە بێت و خوێنەر لە دەقەکە بڕەوێتەوە، چونکە"ناونیشان یەکەمین هێلی بەریەککەوتنی خوێنەر و چیرۆکە و دەبێتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و هاندانی بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنەوە، هەروەها دەبێتە هاوتا و هاوشانی دەسپێکی چیرۆك لەو ڕووەوەی، کە چیرۆك بەوەوە دەستپێدەکات، نەك بە دێڕی یەکەم."(احمد، 2012،ل 184). بەم پێیەش یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی، کە شیعرییەت لە کورتیلەچیرۆکدا دێنەکایەوە ناونیشانە و کورتیلەچیرۆکنووس لە ڕێگەی ناونیشانەوە دەتوانێت ئاستی هونەری دەقەکەی هەڵکشێنێت، بەپێچەوانەشەوە سەرنەکەوتوویی نووسەر لەم پرۆسەیەدا دەبێتە

هۆی كوشتنی دەقەكە و نەهێڵانی چێژەكەی، بۆیە كورتیلەچیرۆكنووس بەر لە هەر شتێك بە هەستیارییەكی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ناونیشان دەكات، چونكە دەزانێت خوێنەرە خێراكە، ئەگەر لە یەكەم چركەساتدا سەرنجی كێش نەكرێت، ئەوا لە دواتردا ئەستەمە بتوانرێت ئەمە بكرێت.

**2.4: جۆرەكانی ناونیشان لە كورتیلەچیرۆكی كوردیدا:**

بە وردبوونەوە و ڕامان لەو دەقانەی، كە لەبەر دەستماندا هەن، دەتوانین چەند جۆرە ناونیشانێك لە كورتیلەچیرۆكدا دەستنیشان بكەین:

2.4.1:ناونیشانی سڕاوە: ئەم جۆرە ناونیشانە یەكێكە لە بەربڵاوترین جۆرەكانی ناونیشان لە كورتیلەچیرۆكدا و نووسەر وشە، یا دەستەواژەیەكی دیاریكراو لەسەرەوەی كورتیلەچیرۆكەكە دانانێت، بەڵكو لە ڕێگەی دانانی چەند خاڵێك(......)، كە هاوشێوەی وشە یا دەستەواژەیەكی سڕاوەیە مەرامەكەی جێبەجێ دەكات. ئەم سڕینەوەیەش لە ڕاستیدا دوو مەرامی لەپشتەوەیە، یەكەمیان ئازادكردنی خوێنەرە لە دانانی ناونیشانێك بۆ چیرۆكەكە و ڕێزگرتنی نووسەرە لە بیروبۆچوونی خوێنەرەكە. دووەمیان ئەوەیە، كە باری واتایی چیرۆكەكە هێندە قووڵە، كە نووسەر ناتوانێت بە تاكە وشەیەك وەسفی بكات بۆیە بۆ خوێنەرە جیاوازەكانی لێدەگەڕێت.

(پەری كەریمی نیا) لە چیرۆكی(...)دا ناونیشانەكەی سڕیوەتەوە و لەبری ئەوە سێ خاڵی داناوە. بابەتی چیرۆكەكە نەبارینی باران و كەمبوونەوەی ئاو و داواخوازی و نزا و دوعای خەڵكە بۆ بارینی باران و پاڕانەوە لەخوا، بەڵام سەرەنجام خوا بە جۆرێك لە جۆرەكان داوا لە خەڵك دەكات، كە كەمێك ئاوی پێبدەن تا بیرەكە بەگەڕ بخاتەوە، بەڵام كە خەڵكەكە سەیر دەكەن، تەنیا بەشی خواردنەوەی خۆیان ئاویان لەماڵەوە هەیە و بەمەش بێدەسەڵاتی مرۆڤ و خودا لە بارێكی وەهادا دەردەكەوێت.(نیا،2015،ل 5). لەم كورتیلەچیرۆكەدا جێهێڵانی سێ خاڵ لەخۆڕا نییە، چونكە بابەتەكە پەیوەستە بە ئیمان و باوەڕی خەڵك بە ئایین و میتافیزیكا و هەر جۆرە مامەڵەیەكی خراپ لەلایەن نووسەرەوە، ڕەنگە كێشەی گەورەی بەدواوە بێت، هەروەك دەشێت ئەو سێ خاڵە ئاماژە بێت بۆ وشەیەكی سێ پیتی وەك ئاو، یان بیر، كە هەردوو ناونیشانەكە گونجاون بۆ چیرۆكەكە.

(شاناز جەوانشیر) لە كورتیلەچیرۆكی(.....)دا بەهەمان شێوە ناونیشانەكەی سڕیوەتەوە و لەبری ئەوە پێنج خاڵی داناوە.بابەتی چیرۆكەكە بریتییە لە كوشتن، كە پیاوێك بە چەقۆی باوكی براكەی خۆی دەكوژێت و ژنەكەی مارە دەكاتەوە و لەم نێوانەدا منداڵی ژنەكە وێڕای ئەوەی مامی دەبێتە مێردی دایكی، بەڵام بەدەست بێ باوكییەوە دەناڵێنێت.(جەوانشیر،1395،ل 82).لێرەدا دەشێت سڕینەوەی ناونیشان لەبەر ئەوە بووبێت،كە كارەساتەكە هێندە گەورەیە نووسەر نایەوێت لە چوارچێوەی وشەیەكدا بەندی بكات، چونكە نووسەر لە ڕێگەی هێنانی چەقۆكەی باوكییەوە دەیەوێت ئاماژە بە بەردەوامی و لەمێژیینەیی ئەو چیرۆكە بدات، كە لە هەموو كاتەكاندا خۆی دووبارە دەكاتەوە، لەهەمانكاتدا بوونی پێنج خاڵ یەكسانە بە كۆی پیتەكانی وشەی كوشتن و خوێنەری زرنگ دەتوانێت ئەم ناونیشانە بۆ چیرۆكەكە دابنێت، دیارە ئەمەش لەپێناو بەگەڕخستنی مێشكی خوێنەرەكە پەنای بۆ براوە بەوەی تا چەند دەتوانێت ئەو وشەیە بدۆزێتەوە، كە سڕاوەتەوە.

2.4.2: ناونیشانی ژمارەیی: مەبەست لەم جۆرە ناونیشانە ئەوەیە، كە چیرۆكنووس لەبری وشە و دەستەواژە ژمارەیەكی ماتماتیك دادەنێت بۆ ناونیشانەكە و ئەمەش گەلێك جار بارێكی واتایی زیاتر بە كورتیلەچیرۆكەكە دەبەخشێت و پێویستی بە لێكدانەوە و زانینی زمانی ژمارەكان هەیە.

لە كورتیلەچیرۆكی(6/8)ی (فەرهاد مستەفا)دا نووسەر هەردوو ژماری (شەش و هەشت)ی كردووە بە ناونیشانی چیرۆكەكە .

6

8

"هەڵۆكە، چاوی پڕ بوو لە فرمێسك، بە غەمگینییەوە وتی، تكایە كەس بەناوی منەوە قسە نەكات،با ئەم بوختانە كۆتایی بێت، نەك لاكە تۆپیو...تەنانەت گووش دەخۆم!"(مستەفا،2015،ل 31)

ئەم دوو ژمارەیە بە شێوەیەك دانراون، كە دەلالەت لە پیری دەكەن و مرۆڤ یا ئاژەڵ، كە پیر دەبێت شنگ و توانای نامێنێت و چاوەكانی كز دەبێت و ئەوسابە زۆرێك لەو شتانە ڕازییە، كە لە سەردەمی گەنجێتیدا ڕەتی دەكردنەوە. هەڵۆ لە گەنجێتیدا هەرگیز بە لاكی تۆپیو ڕازی نییە و هەمیشە گۆشتی نوێ و تازەڕاوكراوی چنگەكانی خۆی دەخوات، بەڵام، كە پیر دەبێت و چاوەكانی كز دەبێت و توانای ڕاوی نامێنێت ناچارە بە هەموو جۆرە گۆشتێك ڕازی بێت، بۆیە لێرەدا ژمارەكان وەكو ئاماژەیەكن بۆ كزبوونی چاوی

هەڵۆکە، کە لە لاوێتیدا وەك مرۆڤ چاوەکانی پڕ گڕ و تینە و شەش لەسەر شەشە، بەڵام کە پیر بوو و چاوەکانی بوو بە شەش لەسەر هەشت، ئەوسا هەموو هاوکێشەکان پێچەوانە دەبنەوە.

2.4.3: ناونیشانی پرسیاری: ئەم جۆرە ناونیشانە لە کورتیلەچیرۆکدا لەسەر شێوەی پرسیارێك دەردەکەوێت و نووسەر لەڕێگەیەوە هەوڵدەدات خوێنەر بەدوای وەلامی ئەم پرسیارەدا بڕوات و جاری واش هەیە خودی چیرۆکەکە لە شێوەی پرسیاریکی شیتەڵنەکراوە و ئەم پرسیارەش تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت و لەمەا ناونیشان دەبێتە ڕەنگدەرەوەی کۆی چیرۆکەکە و باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە ناونیشانە کورتیلەچیرۆکی(حەوتەکان چەند حەوتن؟)ی(سارا سادقزادە)یە و نووسەر لەسەر شێوەی ڕستەیەکی پرسیاری ناونیشانەکەی داڕشتووە و بابەتی سەرەکی چیرۆکەکە بریاری سەندنەوەی منداڵێکە لە دایکی و بەپێی یاسا و بینەتی لەلایەن دایکی لە حەفتەی جارێکدا.(سادقزادە،1397،ل 28). ئەم ناونیشانە جۆرێکە لە نیشاندانی باری دەروونی کارەکتەر و درێژبوونەوەی ئەو کاتە فیزیکیەیە، کە کارەکتەر تێیکەوتووە، چونکە لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی بریندار و چاوەڕوانە و هەمیشە بە حەسرەت بینینەوەی منداڵەکەیەتی، ئەگەرچی حەفتەکان حەوت ڕۆژن، بەڵام نوسەر بە هێنانی ئەم ڕستەیە مەبەستیەتی ماوەی چاوەڕوانی و درێژبوونەوەی ئەو کاتە بە خوێنەر ڕابگەیەنێت، کە کارەکتەری چیرۆکەکەی تێیکەوتووە.

لە کورتیلەچیرۆکی(چی دەڵێیت سەبارەت بە ئاسمان؟)ی(تێکۆشەر خالید)دا، کە بابەتەکەی گفتوگۆی منداڵێکە لەگەڵ باوکی سەبارەت بە مردنی دایکی و خەوتنی دایکیەتی بۆ ئاسمان و دواتریش مردنی باوکیەتی و چوونیەتی بۆ ئاسمان و ڕامانی منداڵەکەیە لە ئاسمان و دڵخۆشبوونیەتی بەوەی نەچوونەتە ژێر زەوی و دەتوانێت بیانبینێت.(خالید،2013.ل 74) نووسەر لە ڕێگەی هێنانی ڕستەیەکی پرسیاری وەك(چی دەڵێیت سەبارەت بە ئاسمان؟) خوێنەر سەرپشك دەکات لەوەی، کە چۆن لە بابەتێکی لەم چەشنە دەڕوانێت و خوێنەریش بەپێی دیدگاکەی خۆی دەتوانێت واتایەك بەو ناونیشانە بدات و لەوانەیە ئاسمان بە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی ئەم منداڵە و تێکڕای مرۆڤایەتی بزانێت و لە چاوی منداڵەکەوە هەموو ئەو ناخۆشیانە ببینێت، کە لە ئاسمانەوە بەرۆکی مرۆڤ دەگرن و لەمەدا نووسەر زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ وشەی ئاسمان کردووە و نەهاتووە وشەی خودا بهێنێت، بەڵکو ئاسمانی وەك بەشێك لە دروستکراوەکانی خوا وەرگرتووە و هەولیداوە خوێنەر لە ڕێگەی ئەو بەشەوە بۆ گشتەکە بڕوات، لەوانەشە خوێنەر وا بۆ وشەی ئاسمان بڕوات، کە مایەی داباریینی خێر و خۆشی بێت بۆ مرۆڤ، چونکە ئاسمان نیشانەی پاکێتییە و مرۆڤی پاك و بێگەرد سەرەتا لەوێ ژیاوە و دواتر بەهۆی خراپە و هەڵەوە هاتۆتە سەر زەوی و تەنیا بە یەك ڕێگا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ ئەویش پاکێتی و چاکەکارییە، پێدانی هەر یەکێك لەم دوو واتایەش بەپێی جۆری بیرکردەوە و باکگراوندە مەعریفییەکەی دەگۆڕێت.

کورتیلەچیرۆکی(دەفتەر؟)ی(باهۆز مستەفا)نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە ناونیشانەیە و بابەتی سەرەکی چیرۆکەکە گرتنی پیاوێکە لەلایەن چەند کەسێکەوە تاوەکو ئەو پارەیەی هەیەتی لێی بسەنن و پیاوەکە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات، کە دوو دەفتەر لەناو چاکەتەکەیدا هەیە، بەڵام هەر کە دزەکان ئەو دوو دەفتەرە دەبینن سەریان سوڕدەمێنێت.(بڕوانە: مستەفا،2020،ل 190-191). هێنانی وشەیەکی وەکو دەفتەر لەلایەن نووسەرەوە، دوو واتا لە مێشکی خوێنەر دەوروژێنێت یەکەمیان واتایەکی ئاسایی، کە دەفتەرە وەکو پەڕاوی نووسین و ئەوەیتریان ئاماژەیەکی دوورە بۆ بەستەی دەهەزار دۆلاری، کە لەناو زمانی ڕەشۆکدا دەفتەری پێدەوترێت و نووسەر بە دانانی نیشانەی پرسیار زیاتر خۆی لە بابەتەکە دەدزێتەوە و خوێنەر لە دەسپێکدا ناتوانێت هیچ بڕیارێك بدات، کە ئەو واتایەی ناونیشانەکە دەیگەیەنێت کامیانە، بەڵام هەر کە دەگاتە کۆتایی چیرۆکەکە بۆی ڕووندەبێتەوە، کە مەبەست لە دەفتەری ناو کورتیلەچیرۆکەکە پەڕاوە، نەوەك دراو.

2.4.4: ناونیشانی تەواوکەری: یەکێکە لەو ناونیشانە هەرە بەربڵاوانەی، کە کورتیلەچیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات و بەشێك لە واتای دەقەکەی دەخاتە ئەستۆ، بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرە ناونیشانە تەواوکەری واتای دەقەکەیە و بە لابردنی یا سڕینەوەی خوێنەر ناتوانێت پەی بە واتای دەقەکە ببات و وەك بەشێکی ڕستەکانی ناو دەقەکەیە، کە دەبوایە لە سەرەتا، یا ناوەڕاست یا کۆتاییدا بهاتبوایە، بەڵام نووسەر گواستویەتیەوە بۆ سەرەوەی دەقەکە و لەوێا ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات.

ئەم جۆرە ناونیشانە هەندێجار کۆی واتای دەقەکە لەخۆیدا بار دەکات و وەکو کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگا داخراوەکانی دەقەکە خۆی دەنوێنێت و دەبێتە بەرئەنجامی کۆی کار و کردەوە و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.

(شاناز جەوانشیر)لە کورتیلەچیرۆکی(تێزاب)دا ئەم جۆرە ناونیشانەی بەکارهێناوە:

"تێزاب

دواهەمین جار ئەو ڕۆژەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی وا هێشتا ماتۆڕسوارەکە بەلایدا تێنەپەڕیبوو."(جەوانشیر،2021،ل 198).
لەم چیرۆکەدا ناونیشان بووەتە کرۆکی چیرۆکەکە و بەبێ بوونی ناونیشانێکی لەم چەشنە واتا بەرهەم نایەت و خوێنەر ناتوانێت لە کۆی بابەتەکە بگات، بەڵام هەر کە دەگەڕێتەوە بۆ ناونیشانەکە، ئەوا دەتوانێت ئەوەی لە دەقەکەدا باسی نەکراوە لە مێشکی خۆیدا بەرجەستەیان بکات وەك ئەوەی، کە وشەی تێزاب بیرهێنەرەوە و جوڵێنەری ڕووداوە سەرەکییەکە بێت و لە ڕێی ئەو ناونیشانەوە پەی بەوە دەبات، کە ماتۆڕسوارەکە تێزابی پرژاندۆتە سەر سەر و سیمای کچە گەنجەکە و ڕوخساری شێواندووە.
لە کورتیلەچیرۆکی(بە گوێزان دەماری مل بڕین)ی(تێکۆشەر خالید)دا نووسەر مامەڵەیەکی لەم چەشنەی لەگەڵ ناونیشان کردووە:
"بە گوێزان دەماری مل بڕین
-شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاقە فولکەی سەروو کۆلانی برایم ئەحمەد دەڕۆیشت، لەناکاو پشیلەیەك کەوتبووە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە –
-یانی خۆکوژیی بە ئازار لەپێناوی پشیلەیەکدا؟!"(خالید،2013،ل 76).
لەم چیرۆکەدا ناونیشان تەواوکەری واتای چیرۆکە و بەشێکە لە پاژی کۆتایی چیرۆکەکە، بەڵام لە شوێنی خۆیدا هەڵکەندراوە و هێنراوەتە سەرەوە و ئەم هێنانەسەرەوەیەش جۆرە ئاڵۆزییەکی دروستکردووە و نووسەر دوو ڕووداوی تێکەڵکێش کردووە، یەکەمیان ڕووداوی مردنی پشیلەیەك و ئەوەیتریان ڕووداوی خۆکوژی مرۆڤێك و ئەم دوو ڕووداوەش، تەنیا لە ڕێگەی ناونیشانەوە لێك جیادەبنەوە و خوێنەر کاتێك کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت هەردوو ڕووداوەکە بەراورد دەکات و لە ڕێگەی ناونیشانەکەوە لەوە تێدەگات، کە ئەو کەسەی خۆی کوشتووە خاوەنی پشیلەکە بووە، یاخود خودی شۆفێرەکە بووە و لەتاو مردنی پشیلەکەدا بە گوێزان دەماری ملی خۆی بڕیوە.ئەم جۆرە ناونیشانە ڕۆڵی هەبووە لە تەواوکردنی واتای کورتیلەچیرۆکەکە و یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.
نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە ناونیشانە لە کورتیلەچیرۆکی(ئێشکگر)ی(فەرهاد مستەفا)دا بەرچاو دەکەوێت:
"ئێشکگر
شەو...ڕۆژ، شەو...ڕۆژ، شەو...ڕۆژ، شەو...ڕۆژ، شەو – ڕۆژ!
ئەم مەشقە گەردوونییە، کەنگێ کۆتایی دێت؟"(مستەفا،2015،ل 72).
لەم چیرۆکەدا کۆی واتای دەق لە ناونیشاندا کۆدەبێتەوە و ناونیشان دەبێتە چەقێك بۆ ڕاکێشانی سەرجەم واتای وشە و ڕستە دەربڕاوەکان، بە واتایەکی دیکە ناونیشان بووەتە موگناتیسێك و هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بەبێ بوونی ئەو هەموو وشەکانی دیکە لێك دەترازێن و خوێنەریش لە ڕاڤە و لێکدانەوەدا ناگات بە هیچ شوێنێك، چونکە جگە لە ئێشکگرییدا دەشێت مرۆڤ لە زۆر باری دیکەدا هەڵوێستێکی هاوشێوەی هەبێت، بەڵام، هەر کە ناونیشانێکی لەم چەشنە دەبینێت یەکسەر بارودۆخەکە دیاریدەکات و ناونیشان دەبێتە یەکلاییکەرەوە و تەواوکەری بەشەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکە.
2.4.5:جوتە ناونیشان: یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی، کە کورتیلەچیرۆکنووسان بۆ زێدەکردنی شیعرییەتی ناو چیرۆکەکانیان پەنای بۆ دەبەن بریتییە لە دانان و تێکەلکردنی دوو ناونیشان بۆ کورتیلەچیرۆکەکانیان و هەردوو ناونیشانەکەش پێکەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە شەتەك دەدرێن.
ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناونیشانە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆر کەمە وپێویستی بە وەستایی و لێزانییەکی زۆرە، چونکە پێویستە لەو قەوارە کەمەی چیرۆکەکەدا بوار بۆ ڕووداوی هەردوو ناونیشانەکە برەخسێنرێت.
(تێکۆشەر خالید) یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی، کە تونیویەتی سوود لەو تەکنیکە وەربگرێت:
"بەفر

پچڕانی تەزووی کارەبا
کچێکی پاکەت فرۆشی نامۆ، لە شەقامی چل و هەشت، بەهۆی سەرماوە گیانی لەدەستدا، شایەنی باسە، بەفربارینێکی سەخت، هەفتەیەکە سەرانسەری وڵاتی گرتووەتەوە و چارەنووسی هەزاران منداڵی کارکەر نادیار ماوەتەوە.
"چك" (خالید،2013،ل 83)
لەم چیرۆکەدا نووسەر دوو ناونیشانی هێناوە و لە سەرووی دەقەکە دایناون، بەڵام یەکەمیان هۆکاری بوونی دووەمیانە و دووەمیشیان هۆکاری دەرکەوتنی یەکەمیانە خوێنەریش ئەمە نازانێت تاوەکو دوا وشەی چیرۆکەکە، بۆیە هەتا بەرەو کۆتایی

چیرۆکەکە دەچێت گومانی سەبارەت بە ناپێویستی ناونیشانی دووەمر زیاتر دەبێت، بەڵام کە وشەی چك دەبینێت، ئەوسا تێدەگات هەردوو ناونیشانەکە پێداویستی دەقەکەن و هەردووکیان وەکو یەك باری واتایی چیرۆکەکە هەڵدەگرن و پەیوەست دەبن بە ڕووداویکەوە. ناونیشانی یەکەمر هەموو وشەکانی چیرۆکەکە بۆ لای خۆی کێش دەکات و بەیەکەوە وەکو چیرۆکێکی تەواو خۆیان دەنوێنن، هەرچی دووەمە تەنیا پەیوەست دەبێت بە وشەی کۆتایی چیرۆکەکە و خوێنەر خۆی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، کە لە چیرۆکەکە دەرنەکەوتووە و ئەوە هەلدەهێنجێت، کە ڕووداوی بەفربارین و ڕەقبوونەوەی کچەکە و بەفربارینە سەختەکە لە ڕێگەی هەواڵێکی تەلەفزیۆنییەوە بووە، چونکە بە پچڕانی تەزووی کارەباکە تەلەڤزیۆنەکە دەکوژێتەوە و هەواڵەکە کۆتایی پێدێت.

هەر  لە کورتیلەچیرۆکەکانی (تێکۆشەر خالید)دا نموونەیەکی دیکەی ئەمر جۆرە ناونیشانە دەبینین:

"شار

بڕیار

دوو لاوە هەژارەکە دەستکێشە ڕەشەکانیان کردە دەستیان."(خالید،2013،ل 77).

لەمر چیرۆکەشدا بە هەمان شێوەدوو ناونیشان دەبینین و هەریەکێکیان دەلالەتی خۆی هەیە، یەکەمیان ئاماژە لە شوێنێك دەکات، کە بووەتە مایەی ناڕەحەتی و ناخۆشی بۆ مرۆڤی هەژار و ئەمر ناونیشانە خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکە و پێویست بەوە ناکات، کە نووسەر لەدوایەوە هیچ شتێکی دیکە بڵێت، چونکە تەنیا بە هێنانی ناونیشانەکە خوێنەر هزری بۆ لای شوێنەکە دەجوڵێت، هەرچی دووەمە دەلالەت لە سیستمی ژیان دەکات لە شاردا، کە دەشێت بڕیاری دەسەڵاتداران هەمیشە ببێتە مایەی ڕاکردنی مرۆڤی کەمدەرامەت بەدوای نانداً، چونکە دەسکێشی ڕەش ئاماژەیە بۆ کرێکاری.

2.4.6: ناونیشانی دەقئاوێزانی: ئەمر جۆرە ناونیشانەش وەك لە ناوەکەی دەردەکەوێت بریتییە لە هێنانی وشە،یا دەستەواژە، یا ڕستەیەك، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاماژە بۆ دەقی دیکە بکات و خوێنەر بگەڕێنێتەوە بۆ دەقێك، یا چەند دەقێك لە دەرەوەی دەقی کورتیلەچیرۆکەکە و ئەمر جۆرە ناونیشانەش زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردن و زێدەترکردنی واتای کورتیلەچیرۆك سوودی لێوەردەگیرێت بەوەی خوێنەر پەیوەست دەکات بە شتێك لە دەرەوەی دەقە سەرەکییەکە، هەروەك دەقەکە بە تۆڕێکی واتایی دەرەکی دەبەستێتەوە.

لە کورتیلەچیرۆکی(نوح)ی(هێمن بەرزنجی)دا پەنا بۆ ئەمر جۆرە ناونیشانە براوە(بەرزنجی،2015،ل 29) و نووسەر هاتووە ناوی (نوح)پێغەمبەری وەك ناونیشان هەڵبژاردووە و بەمەش خوێنەر هەر لەگەڵ یەکەمر ڕووبەڕووبوونەوەدا هزری بەرەو لای چیرۆکی نوح و دروستکردنی کەشتییەکە دەجوڵێت و هێنانی ناونیشانێکی لەمر چەشنەش بۆ بەستنەوەی دەقەکەیە بە دەقی دیکە و بەپیتکردنی دەلالەتەکانی ناو دەقە سەرەکییەکە و گەشتردنە بە خوێنەر.

هەروەها لە کورتیلەچیرۆکی(چاپی نوێی چیرۆکی 40 دزە هاوچەرخەکەی شاری بەغداد)ی(فەرهاد مستەفا)دا(بڕوانە: مستەفا،2012،ل 96)نووسەر جۆرە ناونیشانێکی هێناوە، کە ئاوێتەکراوی دەقێکی کۆنە و وەرگیراوی یەکێك لە چیرۆکەکانی ناو هەزار و یەك شەوەیە، بەڵام نووسەر مامەڵەیەکی تازەی لەگەڵدا کردووە و تێکەڵاوی بابەتێکی سیاسی هەنووکەیی کردووە و خوێنەر کاتێك لەو ناونیشانە ڕادەمێنێت لەوە تێدەگات، کە ئەوەی نووسەر دەیەوێت بیڵێت شتێکی ئێستایی و گەرماوگەرمە و لە پەنای چیرۆکێکی کۆندا بابەتەکەی شاردۆتەوە و ناونیشانەکەش دەوڵەمەندی بە دەقەکە بەخشیوە و وایلێکردووە دەلالەتی زێدەتر بەدەستەوە بدات.

2.4.7 :ناونیشانی ئاماژەیی: ئەمر جۆرە ناونیشانە بە دوو چەشن دەردەکەوێت، یان نووسەر ئاماژەیەکی وەك نیشانەکانی خاڵبەندی دەکاتە ناونیشان، یاخود پیتێك دادەنێت هەر یەك لەمانەش ئاماژ بۆ شتگەلێك دەکەن.

لە کورتیلەچیرۆکی(x)ی(باهۆز مستەفا)دا پیتێك کراوە بە ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکە و بابەتی گشتی چیرۆکەکە بێزاربون و نامۆیی پەناهەندەیەکە و بڕیاردانیەتی بە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڵام هەر دوو هەفتە بە شێتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە لێیەوە هاتووە.(بڕوانە: مستەفا،2020،ل 131-132). ئەمر جۆرە ناونیشانە، کە لە سەرەتادا وەکو پیتی(x)ی زمانی ئینگلیزی دەردەکەوێت لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەدا واتایەکی دیکە وەردەگرێت ئەویش ونبوون و سڕانەوەی ناسنامەی تاکێکی خۆرهەڵاتییە لەناو کلتوری وڵاتانی خۆرئاواییدا، ئەمر تاکە وەکو کەسێك خۆی دێتە بەرچاو، کە نیشانەی چەوت و فەرامۆشکردنیان بەسەردا هێنابێت. خوێنەری ئەمر جۆرە دەقە سەرەتا وەکو پیتێك مامەڵە لەگەڵ ناونیشانەکە ەکات، بەڵام، کە کاروکردنەوەی پاڵەوانی بۆ ڕووندەبێتەوە تێدەگات، کە ئەمر جۆرە پیتە دەلالەت لە ونبوون و دیارنەمانی بەهاکانی ئەو کەسە دەکات.

(ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)یش لە کورتیلەچیرۆکی(!)دا پەنای بۆ بەکارهێنانی ناونیشانی ئاماژەیی بردووە:

"((!))

"ئەو...م ، مرد...د."(بەرزنجی،2008،ل 87).

نووسەر بۆ بنیاتی ناونیشانەکەی سوودی لە هێمایەکی خاڵبەندی وەرگرتووە، ئەویش نیشانەی سەرسوڕمانە و ئەم جۆرە نیشانەیە لە زماندا دەلالەتی زۆر دەگەیەنێت، بە تایبەتیش ئەو واتایانە لە مێشکی خوێنەر دەوروژێنێت، کە کرۆکێکی سەرسوڕمانییان هەیە بە هەردوو دیوی خۆشی و ناخۆشییەوە. لێرەدا نووسەر بۆ دەربڕینی هەستێکی ناخۆشی وەك مردن پەنای بۆ بردووە و سەرەتا ویستوویەتی خوێنەر بخاتە بارێکی گوماناوی، بەڵام کە خوێنەر وشەکانی دوای ناونیشان دەخوێنێتەوە پەی بەوە دەبات، کە ئەم ناونیشانە لەپێناو دەرخستن و نیشاندانی ئازارێکی جەرگبڕ پەنای بۆ براوە، ئازارێك، کە وشەکان لاڵ و دەستەوەستانن لە وەسفکردنی و تەنیا نیشانەیەکی وەك ئەمە لەتوانایدایە بەرجەستەی بات، چونکە ئەم نیشانەیە بەبێ بوونی هیچ وشەیەك لەپێشەوەی دەشێت بەڵگەیەك بێت بۆ بەهێزی و کاریگەری ڕووداوەکە.

2.5.پێکهاتەی ناونیشان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا:

ناونیشان وەك هەر پارچەیەکی دیکەی زمانی لە دەقدا خاوەن پێکهاتە و بونیاتێکە، بە واتایەکی دیکە هەموو ناونیشانێك بۆ دروستبوونی ڕێگە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و نووسەر بەپێی پێداویستی دەقەکە و ڕوانینی تایبەتی خۆی دەیانخوڵقێنێت.

چۆنیەتی هێنانەکایەوە و سازکردنی ناونیشان ڕۆڵی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی کورتیلەچیرۆك و زێدەکردنی چێژی ئیستاتیکی و وروژاندنی خوێنەر، چونکە ئەگەر ناونیشان هاوکوفی دەقەکە نەبێت، ئەوا خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە یەکێك لە پارچەکانی دەقەکە گرنگی پێنەدراوە و ئەمە ڕەنگە وەکو خەوشێك دەرکەوێت بە تایبەتیش لە هەندێك کورتیلەچیرۆکدا، کە زۆرینەی پەیام و ئەرکەکان خراونەتە سەر ناونیشان.

بە وردبوونەوە لەو نموونانەی، کە لەبەر دەستماندا هەن دەتوانین لەڕووی پێکهاتەی زمانی و داڕشتنی سینتاکسییەوە چەند جۆرە ناونیشانێك دیاریبکەین:

2.5.1:ناونیشانی تاك وشەیی: ئەم جۆرە ناونیشانە زۆرترین بەکارهێنانی لە دەقی کورتیلەچیرۆکدا هەیە و بە گشتی نووسەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی تاکە وشەیەکەوە، کە دەشێت وشەکە کردار، ئاوڵناو، ئاوڵکار،ناو، جێناو، ئامراز... بێت ناونیشانەکەی بونیات دەنێت و وەکو گوتمان نموونەی ئەمە یەجگار بەربڵاوە و لای زۆرینەی کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد بەکارهاتووە و شێوەیەکی تەقلیدی هەیە:

1. ناو: چیرۆکی (قومری)،(تیترواسك)،(تاوس)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە.(سەڕاج،2007،ل 278- 280).

2. کردار: چیرۆکی(چەشتن) و (داتەپین) و (نواندن)ی(قانع خورشید)ە.(بڕوانە: خورشید،2021،ل 25-31-33).

3.ئاوڵناو: کورتیلەچیرۆکی(سفر)ی(باهۆز مستەفا)(بڕوانە: مستەفا،2020،ل 193) هەروەها چیرۆکی(خەمبار)ی (عەلیرەزا محمدنێژاد)(بڕوانە: محمدنێژاد،2014،ل 17) لەگەڵ کورتیلەچیرۆکی(ڕاستی)(ئەحمەد حەقناس)(بڕوانە: حەقناس،2013،ل 107). و چیرۆکی(یەك) )(سەحەر ڕەسایی)(ڕەسایی،2004: 15)

4.ئاوڵکار: (تاریکی)(سەحەر ڕەسایی)(ڕەسایی،2004،ل 28) و چیرۆکی(برسیەتی)(سابیر ڕەشید).(ڕەشید،2008،ل 186).

5:جێناو: چیرۆکی(ئەو)ی(فریا یونسی)(یونسی،1394،ل 21).

6.ئامراز: کورتیلەچیرۆکی(نە)ی(ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)(بەرزنجی،2008،ل 129)

2.5.2:ناونیشانی فرێزی: مەبەست لەم جۆرە ناونیشانە،ئەوەیە، کە پێکهاتە و بونیاتی ڕێزمانی ناونیشانەکە لە وشەیەك زیاترە و لەسەر شێوەی گرێ، یاخود دەستەواژەیەك دەردەکەوێت. ئەم جۆرە ناونیشانە پتر جێی بایەخی چیرۆکنووسانە و زۆر جار چیرۆکنووس بۆ دەرخستنی دەسترەنگینی و زێدترکردنی شیعرییەت پەنای بۆ دەبات و دوو وشە، یا زیاتر لەگەڵ یەك کۆدەکاتەوە، کە لە زمانی ئاساییدا بەیەکەوە نایەن و بەمەش جۆرە لادانێك دروست دەبێت و نموونەی ئەمە لە کورتیلەچیرۆکی(سێبەری سوور)ی (فریا یونسی)(بڕوانە: یونسی،1394،ل 43)دا بەرچاو دەکەوێت،کە نووسەر هەردوو وشەی(سێبەر)و(سوور)ی پێکەوە کۆکردۆتەوە و گرێیەکی ئاوڵناوی پێ دروستکردووە و خوێنەر بە بینینی گرێیەکی لەم چەشنە هەلوەدای ئەوە دەبێت، کە بزانێت چی لەناو کرۆکی ئەم ناونیشانە خۆی حەشارداوە.

بەهەمان شێوە(جەبار سابیر)لە كورتیلەچیرۆكی(خەونێكی تاڵ)(بڕوانە: سابیر،2014،ل 26)دا هاتووە دوو وشەی دوورلەیەكی لێكداوە و لە ڕێگەیانەوە گرێیەكی ئاوڵناوی دروستكردووە. ئەم جۆرە لادانە وشەییەش جۆرە خەرمانەیەكی لەدەوری وشەكان دروستدەكات و وا لە خوێنەر دەكات بە تامەزرۆییەوە شوێنپێ ناونیشانەكە هەڵبگرێت و بەدوای وردەكارییەكانی چیرۆكەكەدا بڕوات، بە واتایەكی دیكە نووسەر لەڕێی ئەم گرێیەوە دوو ئاماژە بە خوینەر دەدات یەكەمیان خەونە و ئەوەیتریان تاڵی و ناخۆشییە.

(فەرهاد مستەفا)لە كورتیلەچیرۆكی(نەهەنگی وشكانی)(بڕوانە: مستەفا،2015،ل 24)دا لە هەردوو وشەی نەهەنگ و وشكانیدا گرێیەكی ناوی دروستكردووە و لەڕێگەیەوە ویستوویەتی پەیامی شاراوەی خۆی بگەیەنێت، بە واتایەكی دیكە ئەم دوو وشەیە لە باری ئاساییدا دژی یەك دەوەستن، بەڵام نووسەر بۆ گوزارشتكردن لە كۆمەڵە كەسایەتییەكی دەسەڵاتدار كە لەو وڵاتەی ئێمە دەژین و وەكو نەهەنگ هەموو شتێك قوتدەدەن سوودی لێوەرگرتووە و بەمەش ناونیشانەكە وەكو خوازەیەك خۆی دەنوێنێت و خوێنەریش لە ڕێگەی بەدواداچوون بۆ وردەكارییەكانی دیكەی ناو چیرۆكەكە دەتوانێت كۆدەكانی ئەم خوازەیە بكاتەوە و لە واتا شاراوەكەی تێبگات.

2.5.3:ناونیشانی ڕستەیی: جۆرێكی دیكەی ناونیشانە، كە لەسەرووی وشە و گرێوەیە و لەڕووی ڕێزمانییەوە ناونیشانەكە هەموو پێداویستییەكانی ڕستەی تێدایە و لەڕووی واتاشەوە واتای تایبەت بەخۆی هەیە و هەندێك جار لە كورتیلەچیرۆكدا ئەم ناونیشانە ژمارەی وشەكانی زیاترە لە ژمارەی ئەو وشانەی، كە لەناو دەقەكەدا هاتوون، بە واتایەكی دیكە ئەم جۆرە ناونیشانە زۆرینەی وردەكارییەكانی چیرۆكەكە لەخۆدەگرێت و نووسەر لەبری ئەوەی لەناو دەقەكەدا ئاماژەیان بۆ بكات لە ناونیشانەكە دەیانخاتەڕوو بۆ نموونە لە كورتیلەچیرۆكی(ئەو كوڕەی خۆشەویستەكەی خۆی بە بلۆك كوشت)ی(ئێكۆشەر خالید)دا(بڕوانە: خالید،2013،ل 80). نووسەر تەواوی ڕووداوی چیرۆكەكەی لەو ڕستەیەدا باسكردووە، كە وەكو ناونیشان هاتووە و ئەوەی لەدوای ناونیشاندا هاتووە تەنیا باسكردنی هۆكاری ئەو كوشتنەیە، لەگەڵ كاتی ڕوودانەكە.

لە كورتیلەچیرۆكی(ئەو شاعیرەی كە شێت بوو)ی(كەمال سەعدی)یشدا(بڕوانە: سەعدی،2020،ل 138) نووسەر ڕستەیەكی تەواوی كردووە بە ناونیشانی چیرۆكەكەی، كە لەڕووی ڕێزمان و واتاوە هیچ كەموكوڕییەكی نییە و ئەو ڕستەیەش كرۆكی چیرۆكەكەیە و لەناو دەقەكەدا، جگە لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەكە، هیچ جۆرە زیادەیەكی دیكە نابینرێت و بە شێوەیەك لە شێوەكان تەواوی وشە و ڕستەكانی دیكە فراوانكردن و شەرحردنی ئەو ناونیشانەن.

هەروەها لە كورتیلەچیرۆكی(سەگێكی گەڕ، كە ڤێتەرنەری بڕیاری داوە بكوژرێت)ی(فەرهاد مستەفا)دا(بڕوانە: مستەفا، 2015،ل 81) ناونیشان ڕستەیەكە، كە كۆی واتا و ڕووداوی چیرۆكەكەی لەخۆی گرتووە و نووسەر هەموو وردەكارییەكانی ناو چیرۆكەكەی لەو ڕستەیەدا چڕكردۆتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت، كە شوێنەكەی دیارینەكردووە، بۆیە ئەو وشە و ڕستەكانەی، كە بەدوای ناونیشانەكەوە هاتوون پتر ڕوونكەرەوەی شوێن و پیشەی بكوژەكەن، بۆیە خوێنەریش لە ئەنجامی تەواوبوونی چیرۆكەكە شتێكی زیاتری لە واتای ناونیشانەكە بەر چنگ ناكەوێت.

**3.ئەنجام:**

1. لە و كورتیلەچیرۆكانەی، كە لەم توێژینەوەدا شیمانكردوونەتەوە ناونیشان بەگشتی هەم ئەركی دەلالی و هەمیش ئەركی وەسفی و شیعرییەت دەبینێت.
2. لە كورتیلەچیرۆكی كوردیدا دەشێت ناونیشان وەك وشە، یا ڕستە دەرنەكەوێت و لەبری ئەوە بە خاڵ، یا ئاماژەی دیكەی زمانی بخرێتەڕوو
3. چەند جۆرە ناونیشانێكی وەك(ژمارەیی، سڕاوە، جوتەناونیشان،پرسیاری، تەواوكەری) لە كورتیلەچیرۆكی كوردی دەركەوتوون.
4. لەڕووی پێكهاتەی زمانییەوە هەر سێ جۆری ناونیشانی(تاك وشەیی، فرێزی، ڕستەیی)لە كورتیلەچیرۆكی كوردیدا دەبینرێت.

**4.سەرچاوەکان**

**1.بە زمانی کوردی**


1. ئەسوەد،نەوزاد ئەحمەد(2006)ئەزموونی خوێندنەوەی چەندلاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،چ1، سەردەم، سلێمانی.
2. بەرزنجی، ڕەزا سەیدگوڵ(2008)توڕبوونی ئاسمان،چ1، دەزگای موکریانی، هەولێر.
3. بەرزنجی، هێمن(2015)هاوسەری دووەمی کوژراوەکە،چ1، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
4. جەوانشیر، شاناز(2021)زایەڵەی شارێکی دوور،چ1،سەردەم، سلێمانی.
5. جەوانشیر،شاناز(1385)گۆڤاری شی، ژمارە سفر و یەك.
6. حەقناس،ئەحمەد(2013)چوار تیرۆژە چیرۆك،گۆڤاری هەنار،ژ.75
7. خالید،تێکۆشەر(2013)بەڵێ،هەلەیەك ڕوویداوە، چ1،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
8. خورشید،قانع(2021)گوڵبەهارێك لەمر پاییزی عومرەمدا دەڕوێت،چ1، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
9. خۆشناو،هێمن عومەر(2010)شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،چ1،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
10. ڕەسایی،سەحەر(2004)کەس وەك من تۆی خۆشناوێ،چ1،ئاراس، هەولێر.
11. سابیر،جەبار(2014)چەند مینیماڵێك،گۆڤاری ڕامان،ژمارە207،هەولێر.
12. سادقزادە،سارا(1397)ئەمر چیرۆکانە زۆر ژنانەن،چ1،چاپەمەنی خانی،سەقز.
13. سەڕاج،عەبدوڵڵا(2007)لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانیتر،چ1، ئاراس، هەولێر.
14. سەعدی،کەمال(2020)تریفەی مانگەشەو، کۆچیرۆك،چ1،موکریانی، هەولێر.
15. محمد،شاخەوان فەرهاد(2014)کورتیلەشیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا،چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، مەلبەندی گشتی، ژمارە 128،هەولێر.
16. محمدنیژاد،عەلیڕەزا(2014)چەند چیرۆکێکی مینیماڵ،گۆڤاری ڕامان،ژ200.
17. مستەفا،باهۆز(2020)وێستگەی میترۆ 22ساڵ چاوەڕوانی،چ1،ماڵی کتێب و گروپی هاڤی، هەولێر.
18. مستەفا،فەرهاد(2012)پیاوە ڕەقەڵەکەی ژوورەکەمان،چ1،چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.
19. مستەفا،فەرهاد(2015)هەتا چاو بڕ بکات تاریکی،چ1،ئەندێشە، سلێمانی.
20. مەنتك،حەمە(2018)هونەرەکانی چیرۆکنووسی،چ1،دەزگای مێخەك، چاپخانەی تاران، هەولێر.
21. نیا،پەری کەریمی(2015)قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن،چ1،غەزەلنووس، سلێمانی.
22. یونسی،فریا(1394)درەنگان،چ1،انتشارات اریوحان،سنە.


**بە زمانی عەرەبی**


23. احمد،ابراهیم شهاب(2012)عناصر القصة القصیرة و تطبیقاتها فی القصة الصحفیة(القصص الصحفیة الفلسطینیة نموذجا)رسالة الماجستیر, کلیة الاداب، جامعة العراقیة.
24. الجزار,محمد فکری(1998)العنوان و السیموطیق اتصال الادبی، ط1، الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة.
25. العمرو،اسماء بنت صالح بن مطلق(2020)الخصائص الفنیة فی القصة القصیرة جدا، دراسة لمجموعتی(قال کل شیء فی الظلام، کحل عینیك صار خالا)لکاتب السعودی فهد ابراهیم البکر، المجلة العلمیة للکلیة الدراسات الاسلامیة و العربیة للبنین بالقاهرة، جامعة ازهر، مجلد 39.
26. جبارة،کوثر محمد علی(2013)عتبة العنوان فی قصص فرج یاسین القصیرة جدا-دراسة فی بنیتها الترکیبیة، مجلة التربیة الاساسیة، جامعة بابل، عدد12.
27. سعیدانی, نورالدین(2015)القصة القصیرة جدا و قصیدة النثر، اشکالیة التجنیس، مجلة مقالید،عدد 8.
28. علوش،سعید(1985)معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة،ط1، دار الکتاب اللبنانی، بیروت.

**بنية العنوان في الاقصوصة الكردية**

**ڕيزان صالح مولود**
كلية التربية - قسم اللغة الكردية / جامعة كويه
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**ملخص**

هذا البحث المعنون (بنية العنوان في الاقصوصة الكردية), الذي يتألف من مقدمة و مبحث واحد مقسم بدوره الى مباحث فرعية, يبحث وبشكل نظري في العنوان واهميته ثم يسلط الضوء وبشكل عملي على شرح ماهية العنوان من حيث انواعه و مكوناته في الاقصوصة الكردية الكرمانجية الوسطى منتهجا في ذلك المنهج الوصفي. اما اهمية هذا البحث فتكمن في التعريف بانواع ومكونات العنوان في الاقصوصة الكردية متخذا في ذلك الامثلة العملية كسبيل لتحقيقه.

**كلمات المفتاحية:** العنوان, الادب الكردى, اقصوصة.

**The Structure of Titles in Kurdish short- Short Stories**

**Rezan saleh mawlod**
Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University
Rezan.saleh@koyauniversity.org

**Abstract**

This paper is entitled (The Structure of Titles in Kurdish short- Short Stories), which consists of a section and several discussions. Firstly, titles, their roles and functions have been discussed theoretically and then the types of titles and titles structures in Central-Kurmanji Kurdish short-short stories have been analyzed practically by using the descriptive-analytical method. The importance of such a topic lies in the fact that it practically tries to identify the types and structures of titles in Kurdish short-short stories with examples.

**Keywords**: title, Kurdish literature, short-short story.